بنکەی ئەدەبی موکریانی مەهاباد

شرۆڤە و لێکدانەوەی کتێب لە مەهاباد

📘دەهومین کۆڕی دانیشتنی کتیب و خوێندنەوە. لە درێژەی زنجیرە چالاکییەکانی خاتوونانی دیالۆگ و ئەندێشە ئەم جارەش خاتوونانی هۆگر بە کتێب و خوێندنەوە تیشکی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی خۆیان تەرخان کرد لە سەر کتێبی"دوا شەوی دابەزینی عیسا"ی مامۆستای پایەبەرز "شێرزاد حەسەن" بە بەڕێوبەرایەتی خاتوو "چرۆ پەرویزنیا" ڕۆژی شەممە 2ی سەرماوەزی 98 کاتژمێر 5/3 ئێوارێ کە لە ژووری تایبەتی ئەنجوومەن ئەدەبی مەهەباد بەڕێوەچوو . هەر لەو دانیشتنەدا کە بە حەوڵ و تێکۆشانی تاقمێک لە خاتوونانەکان پێک هاتبوو هەر کام شرۆڤەو لێکدانەوەی خۆیان بە چەشنێک ئاراستەی هۆگرانی کتێب و کتێب خوێندنەوە کرد:

📖ناساندنی کتێب :

"ماریا بابامیری" سەرەتای کۆڕ کوورتە باسێکی لە سەر مژاری دیاری کراو واتا کتێبی "دوا شەوی دابەزینی عیسا" لە مامۆستا "شێرزاد حەسەن"بە هۆگران ناساند.

١ ✍️ . خەیاڵ و واقع گەرایی، گێرانەوە و مێژوو لە ڕۆمان دا:

"چرۆ پەرویزنیا" لە وتاری خۆیان دا تیشکیان خستە سەر ئەو باسە کە خەیاڵ و گێرانەوە واتا ناساندن لە ڕۆمان یا چیرۆکی ( ڕئالیستی ) پێکهاتەیەکە لە ڕووداو گەڵی تایبەت کە بە شێوازێکی دەقیق ڕاستی و درووستی شی دەکاتەوە .

٢ ✍️ .جیاوازی ئایین و کەلتوور لە نێوان دوو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا :
خاتوو "فەرح پیران " لە وتاری خۆیاندا جەختیان خستە سەر ئەو باسە بۆ شرۆڤەو لێکدانەوەی کتێبی دوا شەوی دابەزینی عیسا.

٣ ✍ .خاتوو "سوغرا ڕەزگەیی" کۆربێژێکی تری ئەو دانیشتنە بوو کە وتاری خۆیان لە ژێر ناوی "ژیان لە تاراوگە، پڕە لە تەنیایی و ترس ، ئازار، ژان، دەرد، هیجران ، خەمۆکی و هەتەد ...

٤ ✍ .ترس، تەنیایی، تابلۆ ـ تابلۆیەکی ئاوێزان لە ڕۆمانی دواشەوی دابەزینی عیسا: سەر دێری وتارێک بوو کە خاتوو "شەویار گولابی‌ئازەر" ئاراستەی کرد

٥ ✍ .ڕەوتی هەست پێکردن و دەروون گەری لە داستان : نازناوی وتارێک بوو کە لە لایان خاتوو "گوڵاڵە ستاوەند" پێشکەش کرا .

هەر لەو دانیشتنانە بۆ زاخاوی مێشک لە لایان شاعێری غەزل نووس خاتوو "هەتاو خورشیدی" بەرهەمە شێعرێکی خۆیان پێشکەشی هۆگرانی ئەو کۆبوونەوانە کرد.

هەر بەو شێوە دانیشتنی ئەو جارەش کۆتایی پێ هات و لاپەرەیەکی دیکەش لە کتێبی ئەو جارە بەسترا .خاتوونانی

"دیالۆگ و ئەندێشە" هەر لەو پەیجەوە بانگهێشتی گشت خاتوونەکان دەکەن بۆ بەشداری بەردەوامتر لەو کۆبوونەوانەو بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە بتوانین هەنگاو گەلی بە توانا و جیدی‌تر بۆ داهاتوویەکی نزیک هەڵێنینەوە هاوڕێ و هاوکارمان بن.

"خاتوونانی دیالۆگ و ئەندێشە"